ئا: سانا سلێمان

# تاچەند دایک و باوکان ئاگادران لەبەرکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵەکانیانەوە؟

***

**مۆبایل یەکێکە لەو ئامێرە پێویستانەی کەرۆژانە لەلایەن خەڵکەوە بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە ئێستادا مۆبایل زیانەکەی زیاتر بووە. دایکان و باوکان بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵەکانیانەوە بە شتێکی هەڵە دەزانن، لەهەمان کاتیشدا نەیانتوانیوە ڕێ لە منداڵەکانیان بگرن.**

***

## گاڵتەمان بە کچێکی دراوسێمان دەکرد

سەفا ڕەفیق کوڕێکی تەمەنی ١١ساڵەو پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە و دەڵێت «زۆر حەزم لەمۆبایل بوو، چونکە هەموو هاوڕێکانم هەیان بوو، بەزۆر بەباوکم کڕی. ئێستا لەماڵەوە بەردەوام چاودێری نێو مۆبایلەکەم دەکەن. بەردەوام پێم دەڵێن جارێ تۆ منداڵی. ئەومنداڵە ئەوەش دەخاتە ڕوو «هاوڕێیەکم ژمارەی مۆبایلی کچێکی دراوسێکەیانی لەناو مۆبایلی خوشکی دەرهێنابوو، ئەو ژمارەیە لای هەمووومان هەبوو بە کەیفی خۆمان تەلەفۆنمان بۆ دەکرد و دەمانگوت حەزت لێ دەکەین، زۆربەی هاوڕێیەکانم وێنەی ژنان بە ڕووتی لەناو مۆبایلەکانیان هەیە، بەڵام من ناوێرم وەریگرم، چونکە باوکم سەیری ناو مۆبایلەکەم دەکات».

## منداڵەکەم ناچاری کردین مۆبایلی بۆ بکڕین

گوڵستان ئەسعەد دایکی محەمەدی نۆ ساڵانە، بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە بەکارێکی نابەجێ دەزانێت، چونکە وەك خۆی دەڵێت «لەهیچ شوێنێکی ئەو دنیایە نەبووە کە منداڵی (١٠-١١)ساڵی مۆبایلی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام منداڵەکەم ناچاری کردم و نەمتوانی بۆی نەکڕم، چونکە منداڵەکەی منیش چاوی لە منداڵەکانی وەك خۆی دەکرد، ئەو ئافرەتە پێیوایە سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە دەزانین زەرەر و زیانێکی زۆر بە منداڵ دەگات، چونکە ئەو منداڵە لە ئێستادا هەڵسوکەوتی تەواو گۆڕاوە و زیاتر وەکو پیاوێك هەڵسوکەوت دەکات. ئەوەش کاریگەری زۆر خراپ لەسەر دەروونی منداڵان دروست دەکات، ڕەنگە لە داهاتوودا تووشی جۆرەها کێشە بێت.

ڕەشید محەمەد بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن کوڕەکەی بەشتێکی زۆر ناشرین دەزانێت و دەڵێت «زۆر بەلامەوە ناخۆشە کاتێك کە سەیری منداڵەکەم دەکەم مۆبایلی لەدەستە و یاری پێدەکات. ڕۆژانە زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی بە بەکارهێنانی مۆبایل بەڕێ دەکات، یاخود زۆر جار بووە لەگەڵ هاوڕێکانی کردویەتیە شەڕ لەسەر مۆبایل یاخود لەلای میوانەکانمان گۆرانی لێدەدات و نایەڵێ کەس لەکەس بگات، یاخود بە هیتفۆن گۆرانی لێدەدات کە هەموومان دەزانین کاریگەرییێکی زۆر خراپ لەسەر مێشك دروست دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کاریگەرییە خراپانەش زیان بە منداڵەکەمان دەگەیەنێت و کاریگەرییێکی زۆر خراپ لەسەر کەسایەتی منداڵەکەمان دروست دەکات لە داهاتوودا».

## مۆبایلی منداڵێك ٣٥ گرتەی سێکسی تێدابوو

توێژەری کۆمەڵایەتی هیوا ڕەئوف سەبارەت بەم باسە دەڵێت: بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە زیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە بۆ نموونە» هەندێك لەو منداڵانە لە ڕێگەی بلوتووسی مۆبایلەکانیانەوە هەندێك وێنەو گرتەی نەشیاو بەدەست دەهێنن کە دەبێتە هۆی لادانی کۆمەڵایەتی، بۆمان دەرکەوت کە مۆبایلی منداڵێکی خوار تەمەن ١٣ ساڵان سێسەدو پەنجا گرتەی سێکسی تێدابوو، دایك و باوکی ئەم منداڵە بەم کارەی منداڵەکەیان نەزانی بوو، بەڵام دوای تووش هاتنی منداڵەکەیان بە ڕووداوێك و دواتر بۆ گەیشتن بە سەرەداوی ڕووداوەکە، پۆلیس پشکنینی مۆبایلەکەی کرد ئەم هەموو گرتە سێکسیە لەنێو مۆبایلی منداڵەکەدا بوو، بۆیە ڕووی پرسیارمان ئەکەینە دایکان و باوکان ئەوانەی مۆبایلیان بۆ منداڵەکانیان کڕیوە و دەپرسین «ئایا ئاگادارن منداڵەکانیان چۆن مۆبایلەکانیان بەکار دەهێنن و چی لەناو مۆبایلەکانیاندایە، ئاخر بۆیە ئەم پرسیارە دەکەم، چونکە ئەو دایك و باوکەی کەلەسەرەوە باسم کردن تووشی شۆك بوون کاتێك زانیان ئەو هەموو گرتە سێکسیە لەناو مۆبایلی منداڵەکەیانە، هەرگیز پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەوە لە هەڵسوکەوتی منداڵەکیان بوەشێتەوە» ئەو توێژەرە دەڵێت «پێویستە باوکان و دایکان بەردەوام چاودێریەکی باشی منداڵەکانیان بکەن بەشێوەیەك بێت کە منداڵەکان تووشی بێزاری نەکات و هەروەها نەشبێتە هۆی لادانی کۆمەڵایەتی».

## تووشی ئاڵۆزی دەروونی دەبێت



پسپۆری دەروونی د.سیروان عەبدوڵا جیاوك دەڵێت «دایك و باوکان مۆبایل بۆ منداڵەکانیان دەکڕن بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم منداڵانە چۆن ئەم مۆبایلە بەکار دەهێنن، چونکە ئەو منداڵە تووشی گرفتی دەروونی دەکات و هەر لە منداڵیەوە وای لێدێت خۆی بە کۆمەڵێك بابەت خەریك بکات. کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی دەروونی و کاردانەوەی لەسەر هەڵسوکەوتی ئەو منداڵە. بۆیە پێویستە دایك و باوکان کە مۆبایل بۆ منداڵە بچووکەکانیان دەکڕن هەوڵدەن مۆبایلێکی سادەیان بۆ بکڕن بۆ ئەوەی تەنیا لە کاتی پێویست بەکاری بێنن. هەروەها ئەرکی دایك و باوکیشە کە لە دەرەوەی قوتابخانەو نێوماڵدا چاودێری منداڵەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی دووربن لەهەموو ئەو زەرەر و زیانە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەنانەت ئابووریانەش کە دەرئەنجامەکەی بەکارهێنانی مۆبایلە، جیا لەمانەش بەکارهێنانی مۆبایل کاریگەری نێگەتیفی هەیە لەسەر گەشەو تەرکیزی منداڵان و بەپێی توێژینەوەکانیش، زۆرجار بەکارهێنانی بەردەوامی مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی خانەکانی مێشك و تووش بوون بە شێرپەنجەی مێشك.

# ئایا ئافرەتانی سواڵکەر تووشی دەست درێژی سێکسی دەبنەوە؟

**سواڵ چییە و سواڵکەر کێیە؟**

کەسانێك کە سواڵ دەکەن پاساوێکیان هەیە کە گوایە کاریان نییە یان کەم ئەندام و پەککەوتەن یان ئاوارەن یان کەمدەرامەتن و دەرەقەتی گرانی بازاڕ نایەن، ئەم پاساوە بەشێکی ڕاستە، بەڵام بەشێکی زۆری نا ڕاستە، زۆرێك لەوانە لە میانەی ئەم کردەیان بۆیان دەرکەوتووە کە هەرچیەك بکەن ئەوەندەیان دەستناکەوێت کە لە سواڵکردن دەستیان دەکەوێت، بۆیە کردویانە بە پیشە و دەستبەرداری نابن، ئەوەی جێگەی سەرنجە ژنان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ ئەم کردەیە بەکاردەهێنرێن. سواڵکردن بەگشتی دیاردەیەکی ناشرین و زەرەرمەندە بۆ کۆمەڵگە و کەسان و خێزانێك کە دەیکەن، بەتایبەتی بۆ ژنان زەرەرەکەی چەند بەرابەرە، بەکارهێنانی ژنان بۆ سواڵکردن لە چەندین لاوە خەتەرناك و ڕووخێنەرە، کەسی داڕووخاویش خۆی بەکەم دەزانێت.

ئەگەری بیرکردنەوەو ئەنجامدانی فرۆشتنی لەشی خۆی، هەندێك لەو ژنانەی سواڵ دەکەن پەنا بۆ ئەو کردە ترسناکە دەبەن، زۆرجاریش کەسانی خراپ ناچاریان دەکەن بە کاری سێکسی، ژنێك بکەوێتە سەرجادەو شوێنەگشتیەکان و بەماڵاندا بگەڕێت و دەستبگرێتەوە بۆپارە، تووشی جۆرەها مرۆڤ دەبێت کە بەدڵنیاییەوە بەشێکیان کەسانی بێویژدان و خاوەن کەسایەتی نزم و خۆپەرستن و وەزعی ئەم ژنانە بە هەل دەزانن بۆ ڕاکێشانیان بۆ کاری سێکسی.

**کەس داوای مافی ئێمە ناکات**

(چ) سواڵکەرە ئەو ژنەی بەعەبایەکی ڕەش خۆی داپۆشتبوو، سواڵ کردنەکەی بۆ کاتی منداڵی و خێزانەکەی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت «لەگەڵ خێزانەکەم پیشەی سەرەکیمانە و خاوەنی دوو منداڵم ئەوانیش لەگەڵ خوم دەگێڕم بۆ سواڵکردن، خەڵکی لای ئێرانم «چ نایشاریتەوە و دەڵێ «من زۆر لەژیانی خۆم بێزارم وەکو ژنە سواڵکەرەکانی تر نیم حەزم بە کاری سواڵکردن بێت، ڕقم لەم کارە سووك و بێ نرخە دەبێتەوە، بەهۆی سواڵەوە لەژیانم تووشی کاری سێکسی بووم بەرامبەر بە پارە و چەندین جاریش جنێویان پێداوم و سووکایەتیان پێکردووم، کاتێك منداڵ بووم لەلایەن خێزانەکەمەوە، ئێستاش لەلایەن مێردەکەمەوە، واهەست دەکەم وەك ئامێرێك بەکارم دەهێنن تەنیا بۆ پارە پەیداکردن» چ زۆر بەداخەو پێوایە نازانێ سکاڵا لەدژی کێ بکات و دەڵێت «لە کوێ مافم وەربگرم، سکاڵا لە دژی کێ بکەم؟؟ لەمێردەکەم یاخود لەخێزانەکەم! هیچ کەسێکیش داوای مافی ئێمە ناکات منیش ناچارم بەم شێوەیە ژیان بەسەر بەرم».

**ئەو ڕۆژانە لای مێردەکەم خۆشەویستم کە پارە زیاتر پەیدا بکەم**

(ع)ئافرەتێکی بەتەمەنە لە دەرگای ماڵەکان دەدا لە نیوەڕۆدا بۆ ئەوەی شتێکی دەست بکەوێ و دەڵێت «بچووکیش بووم سواڵکەریم دەکرد، کاتێك پێراگەیشتم خوازبێنیم هات، کوڕەکە پێی وتم دەتوانی من بە خێو بکەیت». ئەو ژنە دەڵێت «تەنیا ئەو ڕۆژانە لای هاوسەرەکەم خۆشەویستم کە پارە زیاتر پەیدا بکەم.

**بۆ پارە خۆیان پێشکەشمان دەکەن**

فیتەرێك دەڵێت «کەسانی وەك من خێرێکی زۆر لەم ئافرەتانە دەبینین، ئەمانە لەناو دوکانەکان دەگەڕێن و دەست دەخوێننەوە و سواڵ دەکەن، خۆشیان پێشکەشمان دەکەن بەرامبەر بە بڕە پارەیەکی کەم «لە کۆتاییدا بەپێکەنینەوە دەڵێ، بەڕاستی ئافرەتی جوان و ناسك و گەنجیشن».

**باری دەروونییان زۆر ئاڵۆزە**

یوسف عوسمان حەمەد پسپۆری دەروونی لەوبارەیەوە دەڵێت «لەڕووی سایکۆلۆژیەوە دوو جۆرە سواڵکەر هەیە سواڵکردنێك وەك لەش فرۆشی، سواڵکردنێك وەك پارە پەیداکردن. ئەمانەی بۆ پارە سواڵ دەکەن وەك پیشەیەك وەری دەگرن و خاوەن کەسایەتیەکی لاوازن و متمانەیان بەبوونی خۆیان نییە، خاوەن هیچ پێناسەیەکی کەلتووری و دابونەریەتی تایبەت بەخۆیان نین. هەڵوەشانەوەیەك لەناو ئەم چین وتوێژە دروست بووە کەباری دەروونیان زۆر ئاڵۆزە، ئەوانەی لەهەژارییەوە فێری سواڵکردن بوونە، پەروەردەی شەقامەکان وەردەگرن و ئەمانە لە داهاتوو مەترسی گەورەیان لێدەکەوێتەوە لە ئەنجامی پەروەردەی سەر شەقام».

بەگوێرەی ئامارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەساڵی ٢٠٠٨ بڵاو کراوەتەوە، ٧١٪ی هەژارەکان ژنن لە جیهان. لە توێژینەوەیەکی ڕەوشی سواڵکەری مێینە لە کوردستان لەساڵی ٢٠٠٥ کە (٥٠٠٠)پێنج هەزار سواڵکەری ئافرەت هەیە لە کوردستان ئەگەرچی ئەم ژمارەیە بەردەوام لە گۆڕان دایە، سواڵکردن لە کوردستاندا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو و بەردەوام لە زیادبووندایە، لەسەر جادەو بەردەم ترافیکەکان لە عەیادەی دکتۆرەکان لەشوێنە گشتیەکان ڕۆژانە چەندجار ڕووبەڕووی کەسانێك دەبینەوە کە دەستدەگرنەوە بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکیان بدرێتێ، ئەو کەسانە خەڵکی جۆراوجۆرن پیاو، ژن، منداڵ، لەناو ئەوانیشدا خەڵکی دەرەوەی هەرێم بەدیدەکرێت، بێگومان ئەمە دیاردەیەکی ناشارستانی و ترسناکە و پێویستە دەوڵەت و دامودەزگا بەرپرسەکان بیر لە چارەسەری بنەڕەتی بکەنەوە.

**پێوستە بنکەیەك هەبێت بۆ نەهێشتنی دیاردەکە**

پسپۆری کۆمەڵناسی ئاران دەڵێت «سواڵکردن دیاردەیەکی جیهانیەو لەناو هەموو کۆمەڵگەو نەتەوەیەك لەهەر شوێنە و بەشێوەیەك بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەوەی بۆتە جێگەی نیگەرانی لەکوردستانی ئێمە، ئافرەتان بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەر شەقامەکان دەبینرێن و پیاوانیش بەچاوێکی نزم سەیری ئەم ئافرەتانە دەکەن، بۆیە هەیە ئەم هەلە دەقۆزێتەوە بەرامبەر بڕێك پارە بۆکاری سێکسی بەکاری دەهێنێت. لێرەدا ئەم ئافرەتە جارێك بۆ دووجار ئەم کارە دووبارە ببێتەوە لەسەری ئیتر لای ئاسایی دەبێت، ئەم خەڵکانە ئاستی ڕۆشنبیریان زۆر نزمە و لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگە ناشرین دەکەن، چونکە ئەمانە بەشێکی بچووکن لە کۆمەڵگە. پێویستە هەوڵبدرێت بۆ دروست کردنی ڕێکخراوێك یان بنکەیەك بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە و ڕۆشنبیرکردنیان لەناو کۆمەڵگە بۆ ئەوەی پایەی کۆمەڵایەتیان هەبێت و منداڵەکانیان بەرەو خوێندن بنێردرێن».

**ژنەکەم با بۆ خۆتان بێت**

لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر عەمید عبدالخالق وتی «لەگەڵ ئەوەی ناکرێ ئافرەت بە ئاسانی دەستگیر بکەین، بەڵام زۆرجار ناچارین دەستگیریان بکەین، چونکە دزی دەکەن و کاری ناشرین ئەنجام دەدەن. کە تەلفۆن بۆ پیاوەکانیان دەکەین، دەڵێن با ژنەکەم بۆخۆتان بێت. لەگەڵ ئەوەش ڕۆژانە بەردەوام ١٠ئافرەتی سواڵکەر دەگرین کە زۆربەیان ئەوانەن کە پێشووتر لەسەر هەمان کار لە شەقامەکان دەستگیر کراون. تاکو ئێستاش هیچ ئافرەتێکی سواڵکەر نەهاتووە بۆ لای ئێمە سکاڵا تۆمار بکات. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ نوێنەرایەتی پارێزگای هەولێر و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی شارەوانی ئەنجامدا و لیژنەیەکمان دروستکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، ئێمە بەیانیان بە ئۆتۆمبێل لەشەقامەکان دەگەڕێین و گشت سواڵکەرەکان کۆدەکەینەوە و دەیانێرین بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوانیش بەڕێگەی خۆیان چارەسەری دەکەن.

**مووچەیان بۆ دابین دەکەین**

دکتۆر عارف حیتۆ لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە دەڵێت «ئێمە دژی دیاردەی سواڵکردنین و هەوڵدەدەین چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەین، ئەویش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستن لیژنەیەك هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس کە سواڵکەرەکان کۆدەکاتەوە بۆلای ئێمەی دەنێرن، ئێمەش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین و لە بەڕێوەبەرایەتی کار، کاریان بۆ دەدۆزینەوە». دکتۆر عارف دەشڵێت «ئێمە ئامادەین مووچە بۆ هەر ئافرەتێکی هەژار و بێکەس دابین بکەین، چونکە مافی خۆیانە، هەر ئافرەتێك یاخود قەیرە کچێك ئەگەر کەسی نەبێت بەخێوی بکات، ئەوکات ئەرکی ئێمەیە کاری بۆ بدۆزینەوە و مووچەی پێبدەین، بەڵام تا ئێستا هیچ ئافرەتێك نەهاتووە بڵێت من سواڵکەرم کارم بۆ بدۆزنەوە».



**بەگوێرەی ئامارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لەساڵی ٢٠٠٨ بڵاو کراوەتەوە، ٧١٪ی هەژارەکان ژنن لە جیهان. لە توێژینەوەیەکی ڕەوشی سواڵکەری مێینە لە کوردستان لەساڵی ٢٠٠٥ کە (٥٠٠٠)پێنج هەزار سواڵکەری ئافرەت هەیە لە کوردستان ئەگەرچی ئەم ژمارەیە بەردەوام لە گۆڕان دایە، سواڵکردن لە کوردستاندا بۆتە دیاردەیەکی بەرچاو و بەردەوام لە زیادبووندایە، لەسەر جادەو بەردەم ترافیکەکان لە عەیادەی دکتۆرەکان لەشوێنە**

# ئایا ئافرەتانی سواڵکەر تووشی

تا: سانە سلێمان
فۆتۆ: شێروان موحسین

## سواڵ چییە و سواڵکەر کێیە؟

کەسانێك کە سواڵ دەکەن پاساوێکیان هەیە کە گوایە کاریان نییە یان کەم ئەندام و پەککەوتەن یان ئاوارەن یان کەمدەرامەتن و دەرەقەتی گرانی بازاڕ نایەن، ئەم پاساوە بەشێکی ڕاستە، بەڵام بەشێکی زۆری نا ڕاستە، زۆرێك لەوانە لە میانەی ئەم کردەیان بۆیان دەرکەوتووە کە هەرچیەك بکەن ئەوەندەیان دەستناکەوێت کە لە سواڵکردن دەستیان دەکەوێت، بۆیە کردویانە بە پیشە و دەستبەرداری نابن، ئەوەی جێگەی سەرنجە ژنان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ ئەم کردەیە بەکاردەهێنرێن. سواڵکردن بەگشتی دیاردەیەکی ناشرین و زەرەرمەندە بۆ کۆمەڵگە و کەسان و خێزانێك کە دەیکەن، بەتایبەتی بۆ ژنان زەرەرەکەی چەند بەرابەرە، بەکارهێنانی ژنان بۆ سواڵکردن لە چەندین لاوە خەتەرناك و ڕووخێنەرە، کەسی داڕووخاویش خۆی بەکەم دەزانێت.

ئەگەری بیرکردنەوەو ئەنجامدانی فرۆشتنی لەشی خۆی، هەندێك لەو ژنانەی سواڵ دەکەن پەنا بۆ ئەو کردە ترسناکە دەبەن، زۆرجاریش کەسانی خراپ ناچاریان دەکەن بە کاری سێکسی، ژنێك بکەوێتە سەرجادەو شوێنەگشتیەکان و بەماڵاندا بگەڕێت و دەستبگرێتەوە بۆپارە، تووشی جۆرەها مرۆڤ دەبێت کە بەدڵنیاییەوە بەشێکیان کەسانی بێویژدان و خاوەن کەسایەتی نزم و خۆپەرستن و وەزعی ئەم ژنانە بە هەل دەزانن بۆ ڕاکێشانیان بۆ کاری سێکسی.

## کەس داوای مافی ئێمە ناکات

(چ ) سواڵکەرە ئەو ژنەی بەعەبایەکی ڕەش خۆی داپۆشتبوو، سواڵ کردنەکەی بۆ کاتی منداڵی و خێزانەکەی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت «لەگەڵ خێزانەکەم پیشەی سەرەکیمانە و خاوەنی دوو منداڵم ئەوانیش لەگەڵ خوم دەگێڕم بۆ سواڵکردن، خەڵکی لای ئێرانم «چ نایشاریتەوە و دەڵێ «من زۆر لەژیانی خۆم بێزارم وەکو ژنە سواڵکەرەکانی تر نیم حەزم بە کاری سواڵکردن بێت، ڕقم لەم کارە سووك و بێ نرخە دەبێتەوە، بەهۆی سواڵەوە لەژیانم تووشی کاری سێکسی بووم بەرامبەر بە پارە و چەندین جاریش جنێویان پێداوم و سووکایەتیان پێکردووم، کاتێك منداڵ بووم لەلایەن خێزانەکەمەوە، ئێستاش لەلایەن مێردەکەمەوە، واهەست دەکەم وەك ئامێرێك بەکارم دەهێنن تەنیا بۆ پارە پەیداکردن» چ زۆر بەداخەو پێوایە نازانێ سکاڵا لەدژی کێ بکات و دەڵێت «لە کوێ مافم وەربگرم، سکاڵا لە دژی کێ بکەم؟؟ لەمێردەکەم یاخود لەخێزانەکەم! هیچ کەسێکیش داوای مافی ئێمە ناکات منیش ناچارم بەم شێوەیە ژیان بەسەر بەرم».

## ئەو ڕۆژانە لای مێردەکەم خۆشەویستم که پارە زیاتر پەیدا بکەم

(ع)ئافرەتێکی بەتەمەنە لە دەرگای ماڵەکان دەدا لە نیوەڕۆدا بۆ ئەوەی شتێکی دەست بکەوێ و دەڵێت «بچووکیش بووم سواڵکەریم دەکرد، کاتێك پێڕاگەیشتم خوازبێنیم هات، کوڕەکە پێی وتم دەتوانی من بە خێو بکەیت». ئەو ژنە دەڵێت «تەنیا ئەو ڕۆژانە لای هاوسەرەکەم خۆشەویستم کە پارە زیاتر پەیدا بکەم.

## بۆ پارە خۆیان پێشکەشمان دەکەن

فیتەرێك دەڵێت «کەسانی وەك من خێرێکی زۆر لەم ئافرەتانە دەبینین، ئەمانە لەناو دوکانەکان دەگەڕێن و دەست دەخوێننەوە و سواڵ دەکەن، خۆشیان پێشکەشمان دەکەن بەرامبەر بە بڕە پارەیەکی کەم «لە کۆتاییدا بەپێکەنینەوە دەڵێ، بەڕاستی ئافرەتی جوان و ناسك و گەنجیشن».

## باری دەروونییان زۆر ئاڵۆزە

یوسف عوسمان حەمەد پسپۆری دەروونی لەوبارەیەوە دەڵێت «لەڕووی سایکۆلۆژیەوە دوو جۆرە سواڵکەر هەیە سواڵکردنێك وەك لەش فرۆشی، سواڵکردنێك وەك پارە پەیداکردن. ئەمانەی بۆ پارە سواڵ دەکەن وەك پیشەیەك وەری دەگرن و خاوەن کەسیایەتیەکی لاوازن و متمانەیان بەبوونی خۆیان نییە، خاوەن هیچ پێناسەیەکی کەلتووری و دابونەریەتی تایبەت بەخۆیان نین. هەڵوەشانەوەیەك لەناو ئەم چین وتوێژە دروست بووە کەباری دەروونیان زۆر ئاڵۆزە، ئەوانەی لەهەژارییەوە فێری سواڵکردن بوونە، پەروەردەی شەقامەکان وەردەگرن و ئەمانە لە داهاتوو مەترسی گەورەیان لێدەکەوێتەوە لە ئەنجامی پەروەردەی سەر شەقام».

## پێوستە بنکەیەك هەبێت بۆ نەهێشتنی دیاردەکە

پسپۆری کۆمەڵناسی ئاران دەڵێت «سواڵکردن دیاردەیەکی جیهانیەو لەناو هەموو کۆمەڵگەو نەتەوەیەك لەهەر شوێنە و بەشێوەیەك بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەوەی بۆتە جێگەی نیگەرانی لەکوردستانی ئێمە، ئافرەتان بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەر شەقامەکان دەبینرێن و پیاوانیش بەچاوێکی نزم سەیری ئەم ئافرەتانە دەکەن، بۆیە هەیە ئەم هەلە دەقۆزێتەوە بەرامبەر بڕێك پارە



**گشتیەکان ڕۆژانە چەندجار ڕووبەڕووی کەسانێك دەبینەوە کە دەستدەگرنەوە بۆ ئەوەی برە پارەیەکیان بدرێتێ، ئەو کەسانە خەڵکی جۆراوجۆرن پیاو، ژن، منداڵ، لەناو ئەوانیشدا خەڵکی دەرەوەی هەرێم بەدیدەکرێت، بێگومان ئەمە دیاردەیەکی ناشارستانی و ترسناکە و پێویستە دەوڵەت و دامودەزگا بەرپرسەکان بیر لە چارەسەری بنەڕەتی بکەنەوە.**

# دەست درێژی سێکسی دەبنەوە؟

بۆکاری سێکسی بەکاری دەهێنێت. لێرەدا ئەم ئافرەتە جارێك بۆ دووجار ئەم کارە دووبارە ببێتەوە لەسەری ئیتر لای ئاسایی دەبێت، ئەم خەڵکانە ئاستی ڕۆشنبیریان زۆر نزمە و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگە ناشرین دەکەن، چونکە ئەمانە بەشێکی بچووکن لە کۆمەڵگە. پێویستە هەوڵبدرێت بۆ دروست کردنی ڕێکخراوێك یان بنکەیەك بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە و ڕۆشنبیرکردنیان لەناو کۆمەڵگە بۆ ئەوەی پایەی کۆمەڵایەتیان هەبێت و منداڵەکانیان بەرەو خوێندن بنێردرێن».

### ژنەکەم با بۆ خۆتان بێت

لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر عەمید عبدالخالق وتی «لەگەڵ ئەوەی ناکرێ ئافرەت بە ئاسانی دەستگیر بکەین، بەڵام زۆرجار ناچارین دەستگیریان بکەین، چونکە دزی دەکەن و کاری ناشرین ئەنجام دەدەن. کە تەلفۆن بۆ پیاوەکانیان دەکەین، دەڵێن با ژنەکەم بۆخۆتان بێت. لەگەڵ ئەوەش ڕۆژانە بەردەوام ١٠ئافرەتی سواڵکەر دەگرین کە زۆربەیان ئەوانەن کە پێشووتر لەسەر هەمان کار لە شەقامەکان دەستگیر کراون. تاکو ئێستاش هیچ ئافرەتێکی سواڵکەر نەهاتووە بۆ لای ئێمە سکاڵا تۆمار بکات. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ نوێنەرایەتی پارێزگای هەولێر و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی شارەوانی ئەنجامدا و لیژنەیەکمان دروستکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، ئێمە بەیانیان بە ئۆتۆمبێل لەشەقامەکان دەگەڕێین و گشت سواڵکەرەکان کۆدەکەینەوە و دەیانێرین بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوانیش بەڕێگەی خۆیان چارەسەری دەکەن.

### مووچەیان بۆ دابین دەکەین

دکتۆر عارف حیتۆ لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە دەڵێت «ئێمە دژی دیاردەی سواڵکردنین و هەوڵدەدەین چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەین، ئەویش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستن لیژنەیەك هەیە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس کە سواڵکەرەکان کۆدەکاتەوە بۆلای ئێمەی دەنێرن، ئێمەش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین و لە بەڕێوەبەرایەتی کار، کاریان بۆ دەدۆزینەوە». دکتۆر عارف دەشڵێت «ئێمە ئامادەین مووچە بۆ هەر ئافرەتێکی هەژار و بێکەس دابین بکەین، چونکە مافی خۆیانە، هەر ئافرەتێك یاخود قەیرە کچێك ئەگەر کەسی نەبێت بەخێوی بکات، ئەوکات ئەرکی ئێمەیە کاری بۆ بدۆزینەوە و مووچەی پێبدەین، بەڵام تا ئێستا هیچ ئافرەتێك نەهاتووە بڵێت من سواڵکەرم کارم بۆ بدۆزنەوە».



## بەزمانی فارسی قسەیان لەگەڵ کردون بڕی دوو هەزار دۆلاریان لە بازاڕی لەنگە لێبردن



لەبازاڕی لەنگـەی هەولێر چوار کەس بە زمانی فارسـی خاوەن دوکانێکی ئاڵوگۆڕی پارەیان سەرقاڵ کردووەو بڕی دوو هەزار دۆلاریان لێبردووە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست گۆڤاری گوڵان کەوتوون پیاوێك بەناوی (ج، ع) لـە دایکبووی ١٩٦٢ وکاری گۆڕینەوەی پـارە دەکات لەبازاڕی لەنگە، لە نووسینگەی نەهێشـتنی تاوانی هەولێر سکاڵای تۆمار کردووە، چونکە لەو کاتەی ئەو لە دوکانی خۆی بووە، چوار کەس چوونەتە لای کە یەکێکیان پیاوێکی پیر بووە و ژنێکی بەتەمەن و دوو کوڕی گەنجیان لەگەڵ بووەو بە زمانی فارسـی قسەیان لەگەڵ کردووە بە مەبەسـتی ئاڵوگۆڕی پارە. پیاوە پیرەکە دەستی بەسەری دوکاندارەکە هێناوەو سـەرقاڵی کردووە بەوەی کە داوای چەند جۆر پارەیان کردووە، دواتر کە ڕۆیشـتون بۆی دەرکەوتووە دوو هـەزار دۆلار و چەکێکی ئێرانی بەبڕی ٣٥٠ هەزار دیناریان لێبردووە.

ئێستا ئەو چوار کەسە لە پۆلیسی عەنکاوە دەستبەسەر کراون. دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دا بە ڕەوانەکردنی پەڕاوەکە بۆ نووسینگەی لێکۆڵینەوەی عەنکاوە.

## ئافرەتێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بە لێدانەوە زێڕەکەی لێسەندرا

ئافرەتێـك لەبنکەی پۆلیسـی رزگاری سـکاڵای تۆمارکردووە دژی هاوسـەرەکەی بەوەی بەجۆرەها شـێوە لێیدراوەو بە زۆر زێڕەکەی لێفرۆشتووە.

ئافرەتێکی لە دایکبووی ١٩٩٤ بەناوی د.س و دانیشتووی ناحیەی رزگاری، ماوەی ٤ مانگە شـووی کردووە، سـکاڵای تۆمار کردووە دژی (ب،ا) لە سـکاڵای ئافرەتەکەدا هاتووە کە تا ئێستا هاوسەرەکەی بە جۆرەها شـێواز لێیداوەو بە زۆر زێڕەکەی پێفرۆشـتووە. ئەو ژنە لە سـکاڵاکەی نووسـیویەتی کە وێڕای ئەوەی لێیداوە کاری سێکسـی ناشەرعی (لواتە)ی لەگەڵ کردووە.

لەلایـەن دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاردرا بە وەرگرتنی وتەی شـاهید و ڕەوانەکردنی ئەو ژنە بۆ لێکۆڵەری دادوەری بە مەبەسـتی پشـکنین و دەسـتگیرکردنی هاوسـەری ئەو ژنە بەپێی ماددەی ٢٤٠ لە یاسای سزادانی عێراقی.



## کوڕەکەیان قۆڵبەست کردو



## ئافرەتێک هاوسەرەکەی بە خیـــ

ئافرەتێك سـکاڵای لەدژی هاوسەرەکەی تۆمار کردووە و بە لێدان و خیانەتی هاوسەری تۆمەتباری کردووە.

ئافرەتێـك بەنـاوی (ت.ع) و لـە دایکبووی ١٩٧١ دانیشـتووی کەسنەزانە لە بنکەی پۆلیسی کەسنەزان سکاڵای تۆمار کردووە لە دژی هاوسەرەکەی (ل.ا)، چونکە خیانەتی هاوسەری لێکردووەو وێڕای ئەوەی کە خیانەتی لێکردووەو لەگەڵ کچی دیکە پێوەندی خۆشەویستی دەکات، بەردەوام لێیدەدات و سووکایەتی پێدەکات. دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری دا بە ماددەی ٢٤٠ لە یاسای سزادانی عێراقی ئەو پیاوە بەند بکرێت.

# لە موسڵەوە هاتوون و لە هەولێر مێردی کچەکەیان زامدار کرد



پیاوێك لەیەكێك لە بنكەكانی پۆلیسی هەولێر سكاڵای تۆماركردووە كە لەلایەن هاوسەرەكەی و ماڵی باوكییەوە كە لە موسڵ هاتوون لێیدراوەو زامدار كراوە.

پیاوێك بەناوی (ر.ع) كە پاسەوانە لە وەزارەتی بەرگری عێراقی، لە بنكەی پۆلیسی شادی سكاڵای تۆمار كرد كە هاوپێچ بووە بە راپۆرتی پزیشكی لە دژی هاوسەرەكەی بەناوی (م.ف) و خەزووری بەناوی (ف.ا) و خەسوی بەناوی (پ.ف) بەوەی كە لێیانداوە و لە ئەنجامدا زامدار بووە.

شایەنی باسە ماڵی خەزوری (ر.ع) لە شاری موسڵن و بەسەردان هاتوون بۆ هەولێر و لەو كاتەی كە ئەو پیاوە لەگەڵ هاوسەرەكەی دەبێتە شەڕیان و ماڵی باوكی هاوسەرەكەی هەڵدەكوتنە سەری و زامداری دەكەن.

# ژنێک بە ماسیحە مێردەکەی زامدار کرد

بەپێی سكاڵای پیاوێك لەبنكەی پۆلیسی ناوشار –رۆژئاوا لەلایەن هاوسەر و كچەكەیەوە بە ماسیحە لێیدراوەو زامدار كراوە.

(ج.ح) ی لە دایكبووی١٩٣٧ و دانیشتووی گەڕەكی بەختیاری شاری هەولێر سكاڵای لەدژی هاوسەرەكەی بەناوی (س.ع) كە لە دایكبووی ١٩٥٠ تۆمار كردووە و راپۆرتی پزیشكی پێبووە وەك بەڵگەیەك بۆ توندوتیژی هاوسەرەكەی كە بە ماسیحە لێیداوە و زامداركراوە.

لەلایەن خۆیەوە هاوسەری ئەو پیاوە لەبنكەی پۆلیس ئامادەبوو ئەویش سكاڵای لەدژی هاوسەرەكەی تۆمار كرد بەوەی كە لێیداوە و زامداری كردووە، دادوەری لێكۆڵینەوە هەردوولای خستۆتە ژێر لێكۆڵینەوە بۆ ئەوەی بزانرێت لەم كێشەیە كامیان تاوانبارە.



فۆتۆ: شێروان موحسێن

# ماڵەکەیان لێ تاڵان کرد

بەپێی سكاڵای پیاوێك دوای ئەوەی ماڵیان جێهێشتووە لەلایەن چەند كەسێكەوە كوڕەكەیان لەماڵ قۆڵبەستكراوەو بڕی ٧٥ هەزار دۆلار و ٨٠ مسقاڵ زێڕیان لێدزیون.

بەپێی گوتەی پیاوێك بەناوی ت.س، كە لە دایكبووی ١٩٦٧ و دانیشتووی گەڕەكی گوڵان لەنووسینگەی پۆلیسی ناوشار-رۆژهەڵات كاتژمێر ٣ی دوای نیوەڕۆ ڕێكەوتی ١-٥-٢٠١١ لەگەڕەكی گوڵان كە ماڵەكەی لەوێیە لەگەڵ خێزانەكەی چووەتە بازاڕی ماجد مۆڵ و كوڕە تەمەن ١٧ ساڵییەكەی بە تەنیا لەماڵ جێهێشتووە، كاتژمێر ٦ و نیوی ئێوارە گەڕاوەتەوە ماڵ و بینویەتی دەرگای ماڵیان وەك خۆیەتی و دواتر دەرگای مەدخەلی كردووەتەوە گوێی لەدەنگی كوڕەكەی بووە گوتویەتی باوكە دەستم بكەوە ئەوەتا دز لەژوورەكەی ترە. دوای ئەوەی دەستی كوڕەكەی كردەوە، گەڕان هیچیان نەدۆزیەوە، دواتر كە رۆیشتووەتە ژووری نووستن جانتای لاپتۆپەكەی كردووەتەوە كە ٧٥ هەزار دۆلاری تێدابووە ئەو بڕە پارەیە و ٨٠ مسقاڵ زێڕیشی لێدزراوە.

دواتر دەركەوت كە ئەوانەی دزیەكیان ئەنجامداوە لە پەنجەرەی چێشتخانە هاتوونەتە ژوورەوەو هەڕەشەی كوشتنیان لەو كوڕە كردووە، ئەگەر دەنگ بكات.

دادوەری لێكۆڵینەوە بڕیاردرا هەوڵ بدرێت كە ئەو كەسانە بدۆزرێنەوەو دەستگیر بكرێن كە ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە.

# ــــانەت لێکردن تۆمەتبار دەکات





# گوللەیەک کۆتایی بەژیانی گەنجێک دەهێنێ

**کوڕێکی تەمەن ٢٣ ساڵە خاوەن دوکانی جلوبەرگی ئافرەتانە و ژیانی دەبێتە قوربانی گوللەیەك کە تاوەکو ئێستا پۆلیس گومانیان لە مردنی ئەو کوڕە هەیە کە گوایە بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.**


(ف،ق) لەدایکبووی ١٩٧٧ پیشەی دوکاندارادانیشتووی گەڕەکی کورانە دەڵێت «براکەم لە هەموومان بچووکترە لەگەڵ ماڵی باوکم دادەنیشێت و دوکانی جلوبەرگی هەبوو لە بازاڕی نیشتمان، پاش نیوەڕۆیان دوکانی جێدەهێشت و تاوەکو دەرەنگی شەو نەدەگەڕایەوە ماڵەوە، زۆر ئامۆژگاریمان دەکرد کە تۆزیك ئاگاداری خۆی بێت لە ژیان، بەڵام بێسوود بوو. من چەند جار پاشنیوەڕۆ دەچوومە دوکانەکەی لەوێ نەبوو گوێشی بەکەس نەدەدا. شەوی ٢٠١١/٤/٢٥ تا کاتژمێر ٣ شەو لە دوای گەڕاین نەماندۆزیەوە، بەیانیەکەی گەڕابووەوە ماڵەوە، لە ماڵەوە دەمانچەیان لەدەست بینی بوو، برایەکەم بەناوی (ن) ئامۆژگاری کردبوو. قسەی پێ گوتبوو، کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ براژنەکەم بەناوی (س) تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی (ت) خۆی کوشتووە، دەست بەجێ من گەڕامەوە ماڵ لاشەی برایەکەم لە ناو ژوورەکە کەوتبوو خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو و من بە تەنیا برایەکەم برد بۆنەخۆشخانە لە ژیان نەمابوو من نازانم ئاگاداری ڕووداوەکە نەبووم تا بزانم کوژراوە یا خۆی کوشتووە». برای مردوو ئامادە نەبوو لەوە زیاتر هیچ قسەیەکی تر بکات، چونکە پێیوابوو براکەی خۆی کوشتووە و نەکوژراوە و بێ ئاگایی خۆشی لەکاتی ڕووداوەکە دەربڕی.

(ك،م) تەمەن ٤١ ساڵە ژنی ماڵەوەیە خاوەن هەشت کوڕ و چوارکچە دەڵێت «کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ من و پیاوەکەم و بووکەکەم لە ماڵەوە بووین دەمانچەمان بەدەستیەوە بینی، پێم وت کوڕم ئەوە چییە لە دەستت؟ هیچ وەڵامی نەدامەوە چووە ژوورەکەی خۆی هێندەی پێنەچوو گوللەیەکی لە خۆیدا ئێمە نەمانبینی، بەڵام کە ڕامان کردە ژوورەکەی بینم لە سەر زەوی کەوتبوو». دایکی (ت) دەڵێت «هەرگیز لەو بڕوایە نەبووین ئەو کارەبکات، سکاڵام لە دژی کەس نییە، چونکە کێشەی لەگەڵ هیچ لە ئەندامانی ماڵەوە نەبوو».

مقدم جەمیل ئەحمەد ئەمین سورچی بەڕێوەبەری نووسینگەی نەهێشتنی تاوان دەڵێت «کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ٢٠١١/٤/٢٥ ئاگادار کراینەوە کە تەرمێك لە نەخۆشخانەی رزگاریە، دەست بەجێ چووینە نەخۆشخانە و بۆمان دەرکەوت مردوو کوڕێکی تەمەن ٢٣ ساڵە کە گوللەیەکی بە پشتی سەری کەوتبوو، لە شوێنی ڕووداوەکە تەنیا یەك قەوانەی چەکی دەمانچەمان دۆزییەوە لە ناوەڕاستی ژوورەکە بوو، بەڵام چەکی بە کارهاتوومان لە شوێنی ڕووداو نەدۆزیەوە ئێمە بەردەوامین لە لێکۆڵینەوە، چونکە گومانمان لە خۆکوشتنی ئەو کوڕە هەیە، ئەویش بە هۆی ئەوەی گوللەکە بە پشتی سەری کەوتووە و چەکەکەش لە شوێنی ڕووداو نەماوە.

# گریان خاڵی لاوازی ئافرەتە و بۆ پیاوانیش شەرمە؟!

**ئەو فرمێسکانەی لەکاتی خەم و ناخۆشی هەندێکجار خۆشی لەچاو دێنە خوارەوە، پێوەندیان بەسروشتی مرۆڤەوە هەیە، پێوەندی بە سروشت و فیزۆلۆژی و هەست و دەروونی هەیە، بۆیە دەڵێن ئەوەی بە مانای گەورەیی گریان بزانێت، ئەوە کێشەکانی ژیانی بەلاوە ئاسان دەبێت.**



### گریان چییە؟

جەستە هۆرمۆنی پرۆلاکتین، دەردەدات و زۆربوونی ڕێژەکە دەبێتە هۆی گریان، لە هەمان کاتدا مێشکیش ماددەیەکی کیمیایی دەردەدات و ئازارەکان هێور دەکاتەوە. هەورەها بە گریان لێدانی دڵ زیاد دەکات، ئەوەش ڕاهێنانی بە سوودە بۆ ماسولکەکانی سنگ و شانەکان خاو دەبنەوە، بەجۆرێك کە ئاسودەیی بەلەش دەبەخشێت و وادەکات مرۆڤ تێڕوانینی بەرامبەر کێشەکان سادەتر بێت و لێبوردەیی و سۆز لە دڵی زیاتر بێت.

ڕەوشەن ئافرەتێکی تەمەن ٣٧ ساڵە خاوەن ٤ منداڵە و دەڵێت «ئەوندە دڵم ناسکە بۆ گریان ئەگەر منداڵەکانم تووشی نەخۆشیەکی سووکیش بن، ئەوە فرمێسکەکانی چاوی من ناوەستێت». ئەو ئافرەتە دەشڵێت «ئەگەرچی من حەقی خۆمە، چونکە هاوسەرکەم لە ژیان ئەوندە دڵ ڕەق بووە لەگەڵم تا وام لێهاتووە لە ژیان تەنیا گریانم بۆ ماوەتەوە لە گریان زیاتر هیچم بۆ ناکرێت».

### شەرم دەکەم بگریم

ڕەئوف جەبار پیاوێکی تەمەن ٢٧ ساڵە خاوەن دوو منداڵە و کاسبە دەڵێت «زۆربەی کات بەهۆی ڕووداوێك یان کێشەیەکم هەبێت، ئەگەر لە شوێنی گشتیش بێت من گریانم دێت، بەڵام ناچارم خۆم ڕابگرم، چونکە شەرم دەکەم لەپێش چاوی کەسێکی تر بگریم و هەست بە شکانەوە دەکەم، بەڵام ئەو کاتانە من لە ناخەوە دەگریم».

### تۆ پیاوی عەیبە بگریت

شاخەوان مەحمود کوڕێکی گەنجی ٢١ ساڵە، ئەو تێڕوانینەی کۆمەڵگە ڕەت دەکاتەوە کە گریانی بۆ پیاو پێ (عەیبە) بۆ ئافرەتیش خاڵی لاوازە. ئەو گەنجە دەڵێت «هەرکاتێك دڵم پڕبێت، دەگریم و ئەوکاتانەی دەگریم دڵم زۆر فراون دەبێتەوە و دەروونم ئارام دەبێت، زۆرجاریش لەخۆم دەپرسم دەبێت هۆکار چیبێت کە پیاوانی ئێمە ناگرین و گریانیشیان پێ شەرمە؟ بەڵام ئەوەم لەبیرە هەر لە منداڵیەوە گوێم لێبووە کە وتیانە تۆ پیاوی عەیبە بگریت».

### بە داخەوە سۆزی ئافرەت بەخاڵی لاواز لەقەڵم دەدرێت

چالاکوانی بواری ژنان چلورە هەردی پێوایە گریانی ئافرەت واتە دەربڕینی ڕاستیەکان، ئەو چالاکوانە دەڵێت «زۆر بەداخەوە کاتێك سۆزی ئافرەت لە فرمێسکەکانی دایە، بەڵام بە خاڵی لاوازی لە قەڵەم دەدرێت. بۆیە من دەپرسم ئەگەر ئافرەت وەکو پیاو بوایە دڵی نەرم نەبوایە ئاخۆ ئەبوایە جیهان بەچ ئاراستەیەك بڕوات؟ ئافرەت بەو دڵە ناسك و پڕ لەسۆزەی هەستی لێبوردەیی زیاتر بووە، بۆیە ئەگەر پیاوانیش تۆزیك لە مانای هەستی گریان تێبگەن، ئەوە کێشەی کۆمەڵایەتیمان زۆر کەم دەبێتەوە».

### سۆزی پیاو جیاوازە

پسپۆری دەروونی د.سیروان عەبدوڵلا چیاوك، دەربارەی گریانی ژنان دەڵێت «مرۆڤ هەر لەسەرەتای لە دایکبوونەوە خاوەن هەست و سۆزێکی تایبەت بە خۆیەتی، بەتایبەتی ئافرەت، زۆر هەست ناسك دەبێت، لە هەمان کاتیشدا بەرامبەر کێشەکان خۆڕاگرە، ئافرەت لەلایەنی دەروونیەوە لەگەڵ پیاودا جیاوازی هەیە بەوەی دەروونی ئافرەت زۆر ناسکە و بەهەستە، ئەگەر دەروونی ئافرەت ئەوەندە بەهێز نەبوایە نەیدەتوانی بەرامبەر ئەرکەکانی منداڵ و ماڵ و هاوسەرەکەی بووەستێ. لەگەڵ ئەوەش هەندێکجار کاری دەرەوەش دەکات». ئەو پسپۆرە دەشڵێت «دەتوانم بڵێم دنیا بەسۆزی ئافرەتەوە بەستراوە، گریان خاڵی لاواز نییە بەرامبەر ڕەگەزی نێر، کەسێتی ئافرەت بەهێزە، ناکرێ بەگریان کەسێتی بە خاڵی لاواز پێناسە بکرێت، زۆرجار دەڵێن پیاو ناگریت، ئەگەر گریا ئەوە بە خوێن دەگرێ، بەڵام لەلایەن پیاوی ئێمە بۆتە نەریتێکی عەیبە، چونکە هەر لە کۆنەوە پیاو گەورە کراوە پێیان عەیب بووە بگرێت، وایان هەست کردووە گریان بۆ مرۆڤی لاوازە نەوەك خاڵی کردنەوەی دڵ بێت لە توندوتیژی و لە دڵ ڕەقی و بی سۆزی». هاوکات ئەو پسپۆرە ئامۆژگاری ژنان دەکات گەر بەرامبەر کێشەکان خۆڕاگر بن، چونکە لەگەڵ ئەوەی گریان سوودی هەیە، زیانیشی هەیە، گریان دەبێتە هۆی دامرکاندنەوەی گوشار و تووشی شڵەژانیش دەبێت.

### هەستی لێبوردەیی بەگریان دروست دەبێت

توێژەری کۆمەڵایەتی بەهزاد محەمەد، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەهۆی ئەو پەروەردەی لە دابونەریتی کۆمەڵگە هەیە، گریان بە عەیب لە قەڵەم دەدات. ئەگەرچی گریان خاڵی لاوازی ژن نییە، بەڵکو ئەوە پێوەندی بەسروشتی مرۆڤەکانەوە هەیە کە ژن سۆزێکی زۆر لە دڵی هەیە. لەگەڵ ئەوەش گریان توانا بەئافرەت دەبەخشێت بۆ بەرگە گرتن لە بەرامبەر ئەو ستەم و زوڵمانەی بەرامبەری دەکرێت». ئەو پیاوە لە بارەی پیاوانیش دەڵێت «خۆزگە پیاوی ئێمە شانازی بەو فرمێسکانەی دەکرد کە بۆ کێشەیەکی دەهاتە خوارەوە، چونکە هەر پیاوێك سۆز و گریان لە دڵی هەبێت، توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی بە ئاسانی دەبێت».